سودانی فەرمانی بە بەڕێوبەرانی بانکە حکومییەکان کرد پلان پێشکێش بکەن بە پەرەپێدانی کاری بانکەکان

لە چوارچێوەی بەدواداچوونی سەرۆک وەزیران بە ڕووشوێنەکانی چاکسازی بانکی.

مەحەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران بەیانی ئەمڕۆ سێشەممە سەرکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد کە وەزیری دارایی و پارێزگاری بانکی ناوەندی و بەڕێوبەرانی بانکە حکومییەکانی لێخە گرتبوو، نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە راگەیەندراوەکدا باوی کردەوە :-لەو کۆبوونەوەیدا بەدواداچوونیان بە میکانیزمەکانی کار و ئەو ڕووشوێنانە کرد کە لە چاکسازی بەڕێوەبردن و بانکیدا بەدەستیان هێناوە، و حکومەت دەستی بە جێبەجێکردنی کردووە و یەکێک لە ئەولەویەتەکانی کارکردن لە چاکسازی ئابووری گشتگیر لە وڵاتدا.

سودانی فەرمانی بە بەڕێوبەرانی هەموو بانکە حکومییەکان کرد پلانێک ئامادە بکەن و لە ماوەی یەک مانگدا پێشکێش بکرێت، بە پەرەپێدانی کاری بانکەکان کە بریتییە لە بەکارهێنانی گونجاوی سەرچاوەی دارایی و مرۆیی و تەکنیکی و گواستنەوە لە کاری کاغەزییەوە بە کاری ئۆتۆماتیکی و مامەڵەکردنی ئەلیکترۆنی بە هەموو چالاکییە بانکییەکان و فراوانکردنی خزمەتگوزارییەکانی پارەدانی ئەلیکترۆنی لەگەڵ پەرەپێدانی تەوانینێکی گشتگیر بە بانکەکان لە بەخشینی ئاسانکارییەکانی قەرز و پەرەپێدانی

میکانیزمەکانی کار، لەوانە ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردن.

سودانی جەختی لەوە کردەوە کە بەڕێوەبەرانی بانکەکان هەڵسەنگاندن بە کارەکانیان دەکرێت لە ژێر ڕۆشنایی جێبەجێکردنی پلانەکە و بەی دەستکەوتەکانیان.

هەروەها سەرکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی کردەوە لەوەی ئەو چاکسازییە ڕاستەقینەیەی کە حکومەت بە پێرشبوە بە بەدەستی هێنانی لەسەر بنەمای چاکسازی بانکییە و سوورە لەسەر ئەوەی بەیاری بوەرانە بدات بە جێبەجێکردنی ئەم چاکسازییە بە شێوەیەک کە یارمەتیدەر بێت لە باشترکردنی ژینگەی وەبەرهێنان و پێرپێدانی کارەکانی کەرتی گشتی و تایبەت.

هەر لە کەبوونەوەکەدا گفتوگە لەسەر جێبەجێکردنی سیستەمی بانکی گشتگیر کرا لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی ئەلیکترۆنی پشکەوتوو و تەکنەلۆژیای مەدەرنەوە لە هەموو مامەڵە بانکییەکاندا، هەروەها تاوتوێی پلانی پێرپێدان کرا کە لەلایەن کەمپانیا (ئەرنست ئاند یەنگ) ی نوودەوەتییەوە پشکەشکراوە سەبارەت بە دووبارە پێکهێنانەوەی بانکی ئافیدەین بە دەنیا بوون لە پێرپێدانی کارەکانی و پشکەش کردنی پاکێجێک لە خزمەتگوزاری بانکی یەکخراو بە هاوەاتیان و کەمپانیاکان بە شێوەیەک کە هاوشێوەی بانکە نوودەوەتییەکان بێت، لەم بارەیەوە سەرکی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی بە بەڕێوەبەرانی بانکەکان کرد کە داوای یارمەتی لە شارەزایانی نوودەوەتی بکەن لە ڕێگەی گرەبەستکردن لەگەڵ هاوڕۆکارانی پسپۆڕ لە کاری بانکی و دارایی.